# عەنبەر خاتوون لە فرمیسکە نەمرەکانی مەولەویدا

رئوف عثمان

یەکیك لە بابەتە ئەوازو دیارەکانی دنیای داهێنان بە درێژایی چاخە مێژووییەکان، هونراوەی شیوەنە، هونراوەی شیوەن، بریتیە لە دەربرینی خەم، ئازارو کسپەو سۆزو هەناسەی گەرم و گور هەلکێشان و فرمیسك رشتن بو ئەو مرۆڤە خوشەویستەی کە بە ناچاری دنیا جێی دێڵی و زوو دەکاتە بارگە و بنەی دونیایەکی تر، وە نەبێت هەلڕشتنی خەم و ئازارو کە سەری دڵ بە تەنها بەند بێت بە هەڵوەرینی گەڵای تەمەنی مروڤەوە، بەڵکم زۆر جار شیوەن بۆ شاری دەست بە سەرگیراوو، و وڵاتی وێرانە خاك و خەزانی پائیزو وەرزەگیان کە نشتەکانی ساڵاو ملەوکەژو ڕەگەزە جوداکانی گەردون دەگریت. لئین و لرۆمی شیوەن بۆ شاری بەسرە دەکات، سەلامی شاعیر بە دەم گفت و گووە (ملە کاوە) لە دڵە گەورەکەیدا دەلاوێنی لە ئەدەبی فیرعەونەکاندا بابەتی شیوەن ئیجگار بە بایەخ بوو ئەوثانی (ایزیس) شیوەن بو(اوزیریس) برای دەکات تەنانەت لاپەرەکانی ئەوراستیش پڕە لە فرمیسکی درشت بۆ (یوشیاو) جەنگاوەرەکانیان ئەمە جگە لە شیوەنەکانی (أرمیا) کە بۆ (ئورشەلیمی) کردوە، دوای کاول کردنی لە لایەن بابلێکانەوە، لە ئەدەبی یۆنانییشدا (یارخلوکس و سافۆ و سیمو ـ یندنس) بە شیوەنگێران بە ناوبانگی. داستانەکانی ئیلیازەو ئینازەو شانامەشی گەڵێ شیوەنی سەر تەڵیان گرتۆتە ئامێزەوە ئەلیوتیشی بە ژانێکی بێ ئۆقرە وە وێرانە خاکی ڕەنگ پەرپو دەنووسێتەوە.

شیوەنێ بو عەنبەر خاتوونی هاوسەری کردووە و چەمەرانەی بۆگێراوە کە خەلکی روویان هاتوە لە گەل هاوسەرەکانیشیاندا زۆر بدوێن دیارە ئا ئەمە خوی لە خویدا. ڕوو

به ڕووبوونەوەیەکی واقیعە بە چەکی پیرۆزی شیعر.

مەولەوی شەشی قەسیدەی شیوەنی پیشکەش عەنبەر خاتوونی هاوسەری کردووە کە بریتیە لە (٧٠) فەرد ئەمە جگە لە (٢) قەسیدەیتریشی لەکاتی نوسینەوەی ئەم بابەتەدا لای شاعیری هاوڕیم کاك محمەدی حەمە باقی بیینمەوە.

سەیرکردنێکە دوردی ڕەخنەگرانە لەو شەش قەسیدەیە ئەم چەند خاسیەتە هونەریەی لە لاهینامەکایەوە.

١- خەمو پەژارەو فرمیسك و ژانەکانی مەولەوی نەك زادەی سۆزو عاتیفەن بە تەنیا، بەلکوو زۆر جار خەمیکی هۆش ئامیزیشن واتە لەم قەسیدانەی مەر عەنبەر خاتووندا توخمەکانی کلاسیکی و ڕۆمانیە تیکەل دەبن و سفت‌ترینی پارچە ئاوریشمی خەیاڵ دەنەخشێنین سەیری ئەم بلاّچە هوشی ئامێزەکەن

عیرفانەکەت کۆن، فامت کۆشی‌یەن ئای پەی جیلوەی دوس نیهایەت نی‌یەن
ئارویەك جیلووشی ...ڕووکار دا فەردا چێش ئەویەك جیلوەش.دیاری دا
لالا بەڵ ئەو جیلوەی زوونە بە نهانی نەوعە ظهوورێن زاناشی‌و ویحد دانی
چ ماتە مێوەن پات بی‌یەن پێوە داناو مەخشوشی کێ دیەن پێوە
ئید جیلوەکەردەن ئەرشی وە تاقی ئید جیلوەکەردەن سوراحی‌و ساقی

لە ئەدەبی کوردیدا (مەولەوی تاوگۆزی) لووتکەیەکی گەردن کەشی بابەتی شیوەنە، ئاوڕدانەوەی ئەم شاعیرە بلیمەتەمان بەلای هونراوەی شیوەنەوە لەو چوارچێوە بەر فراوانەدا، بەندە بەکۆمەڵێ هۆی بابەتی‌و زانیەوە، کە دیار ترینیان باری مایکولۆژی و کۆمەلاّیەتی ناحی ناخی مەولەویە، هێندەی من بزانم لایەنی پاکی‌و بیگەردی دەروونی مەولەوی‌و توانەوەی لە بۆتەی ئایدیات سۆفیزم و لەکوتی ئیلاهیدا هاوشیکردنی لە ئەلقەی زیکرو هەڵرشتنی ملوانکە فرمیسك بە دەم سوزەوە وە لە شەوانی تەنیاییدا و ترسی لەمیشەیی لە سزاو جیهانی ئەو دیودا.

دەورێکە گرنگیان دیوە لە تەقاندنەوەی کانیاوی شیوەنە شیعردا. ئەمە جگە لەو پەیوەندیە کۆمەلایەتە راستەقینە بەر فراوانەی کە مەولەوی بەستبووی لەگەل هاورێ دۆستو برادەرەگیانی بەگیانیەکانیا. نابێت لایەنی ئەمەك و وەفاو دلسۆزی راستکۆیانەی مەولەویش لەم بوارەدا پشت گوی بخرێت. چونکە ئەمەیان بە هێزترین تەوەرەی ئەم بابەتەیە.

مەولەوی بە پانو پۆڕی دیوانەکەی (٢٩) قەسیدەی قەبارە جیاجیای شیوەنی هەیە کە سەر جەم فەردەکانی دەکاتە لای من گرنگی هەر شاعیرێ مێژوی ئەدەبدا هێنانە ئاری بابەتیکە کە شەقلی سەرامەدیو تاکمەندیتی پێوە دیار بێت و جیگای سەڵەمینەوەی خەڵکی بێت.

وەك پیرەمێردی شاعیر دەڵێت (مەولەوی) لە روژکارێکدا وە نەبیت لە ئەدەبی بیگانەشدا لەم جۆرە بابەتە نەبوو بێت، ئەوەتانی جەریرو تەغرائیو بارودیو جەواهری شیوەن بۆ هاوسەرەکانیان دەنووسنەوە (هربرت آف شیر بوری) و (روبرت براونگ)یشی لە هەمان بواردا ئەسپیان ئاو داوە، خاڵۆی کۆماسی، یان حەماغای دەربەند فەقەرشی هونراوەیەکی ناوازەی خستوتەگوڵدانی شیعری کوردیەوە.

گوڵ کۆی تازەی لەیل گوڵ کۆی تازەی لەیل
ئارۆستی آما گوڵ کۆی تازەی لەیل

هۆنراوەکان چەند لیپاو لیپن لە خەمو گریانو هاوارو باوکەڕۆ، هێندەشی پڕن لە دەرختنی جوانی و بیگەردیو سۆزی دڵدارانەوە بەڕای من ئەم دیاردەیە جۆرە بابەتێك دێنیتە گۆڕێ، کە ئەویش (شیوەنە دلداریە) (المرثاة الغزلیة). چونکە هۆنراوەی دڵداری کاریگە رێبێەکی ویژدانو سوزە و لە ئەنجامی پەیوەندیە ئینسانیەکانی نێوان نیرۆهیدا دێتە گۆڕێ و ئەمەش پەیوەندیەکی غەریزی و کۆمەلایەتیە، شیوەنیشی بریتێیە لە کۆمەلێ هەستی تایبەتی پر لە خەم و قولپێ گریان کە ئەمیش هەر پەیوەندیەکۆمەلایەتێکان

دەیهێنتە گۆڕی و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەڕوانێتە جیهانی ئەو پەیوەندیانە. کە واتە پەیوەندی ئەم دوولایەنەی (شیوەن و دڵداری) لەم قەسیدانەدا ئیجگار بەتێنن و تەنانەت لیکدیشاتواونەتەوە چونکە هەردووکیان ئاوێنەی یەك باری سایکولوژین کە ئەویش دلەڕاوکێ و نائۆ قرەبیە کە واتە بویە کەمین جارمن ئەم زاراوەی (شیوەنە دڵداریە) بو ئەم قەسیدانەی مەرِ عنبەرخاتوون پێشنیاز دەکەم و هیوا دارم جێی خۆی بگرێت هەر بو نموونە سەیری ئەم غەزەلەکەن:

دیدە پەی روخسار خورشید وارەکەت    با دەماخ پەی بۆی عەنبەر بارەکەت
گۆشی پەی شنوێ ڕاز ڕێزەی شەکەر ڕێز    یاگەردەن پەی بەند حەڵقەی زولف وێز

٢ـ لە سەر جەم شیوەنەکاندا ئەو هەست پێ ناکرێت کە شاعیر داوایان سواڵی هەستو سوزو بەزەیی بکات لە خۆینەر، بەڵکوو خودی خۆی دەبێتە کانێ یەکی ئەمێوی هەستو سۆز و خەم و پەژارەی هێدی هێدیی خۆینەر دەخاتە جێی خۆیو بە هەر دووکیان کۆتەڵ دەگێرن و لە زمانی ئەوەکانی پێش خویانەوە. وا دەگێرنەوە کە، عەنبەر خاتوون ئەفغانی یەکێك بوە لە ئافرەتە هەرە شۆخ و سەرتەڵەکانی ناوچەی تاوگۆزیو شەعیران و نەو روڵی جگە لە مەشیان مەولەوی دوای مردنی عەنبەر خاتوون دڵی نەهاتۆوە چەند شەوو رۆژێك بە ئامانو زەمان گوڵ کۆکەی جێی بهێڵێ و دوا ساتێش لە سەر داوای پیاوانی سەرشاتەکەگەڕاوەتەوە، سەیردەشەن کەسی بە دەردی ئەو نەبێت، هێند تەپاوتلی کردووە بە سەر گۆڕەکەیدا، کەل و پەل تۆزاوی لێو بە بار، ڕەنگ پەریو، چاو بە فرمێسك، هەر بۆیە هۆنراوەکانیشی ئاوهاسیپاڵی خەمێکی ئەزەلیان پۆشیوە.

٤ـ گەڵی و وردەکاریو وێنەو دیمەنی ئەو تۆی بو نەخشاندووین لە چوارچێوەی ئیشعارەو تشبیەگەلێکداکە بۆ یەکەمین جارە ئەدەبی کوردی شتی وا بە خۆوە دەبینێ:

بنیشی نەگێجاو دەریای بێ پەیدا    نەگۆشەی حوجرەی سەفینەی مەی دا
ڕووت ڕووت ئەو جیلوەی ستارەکەڕاس    با خوداوە اخلاص ناخودا مەناس
تا باد مراد نە پێوارە وە    کەی بدۆت ناخو ئەو کەنارەوە

٥ـ زۆربەی وێنەو نەخشەی سەد تەرزەی تابلۆ هونەریو بیرۆکە شیعریەکانی هیند تێژو تەسەل درێژن زۆر کەرەت فەردێك، یان دوان دەرقەتیان نایەن و ناچاریەك دەگرن و بە هەر هەموویان داهێنانەکانی لە زەمینەی نەمریدا شەتل دەکەن.

٦ـ ئازووقەو زادەو کەرەسەی خاوی زۆربەی هەرە زۆری قەسیدەکانی بە تایبەت (شیوەننامە) تۆخمەکانی سووشتن، بەلام لە دوخیکی بزێوو نەوەستاودا. وەك لە هۆنراوەکاندا دەرکەوتووە عەنبەرخاتوون لە بەهاردا سەری ناوە تەوەوت گەڵای تەمەنی هەڵوریوە، هەر بۆیە ئەو بەهارە بە هەشێنەی کوردستانی لە بەر چاو رەشی هەلگەڕاوە و لە شێوەیەکدا ببیزرێت.

کە چی هەر هەمان شاعیر لە قەسیدە بەهاریەکانی تریدا جاریکی تر ئەمان خاتەوە سەر کۆلکەڵەی جوان ناسیو ئەوینی بێگەردی بەهار پەرستنی کوردستان، دیارە شەتەك دانی هەستو هۆشی خوینەر بە تاڵی ئەفسووناوی ئەو وزەی شاعیریەتە خۆی لە خوێدا جۆریکە لە بلیمەتی شاعیر چونکە ئەو ووزیە وەك تێشکی وایە لە ناو مەوشوورێکدا کە بەدەیان رەنگو تیشکی نوێوە دەبرسکیتەوە جلەوی خێرایی شەپولەکانو وزەو جووڵە تەنانەت ڕەنگەکانیشی بە نووکی خامەی شاعیرەوە بەندن و هەر لەو نیشەوە کۆنترۆڵ دەکرین.

٧ـ بەستنەوەی دوا تاڵەکانی خەیاڵە مەودا فراوانەکەی بە رێبازی ئەشعەریەت و سۆفیزمەوە، واتە بەستنەوەی هەڵسوکەوتو تەنانەت ئاواتە ئەرخەوانیەکانی مرۆڤیش بە چارەنوسێك ڕەنگ بۆ رێژراوەوە، کە ئەویش بنەماڵەکەی دەستەلاتێکی لاهوتی لە ڕادە بەدەرە، نابێت ئەوشی لە یاد بکرێت کە ئەم بابەتە فەلسەفە ئامێزە وتەڕوو پاراوییو هەستو سۆزە ناسکەکەی کزر نەکردوتەوە بنوارن:

مەعدوم چون قەزا ئامە جەناکاو دانا چون نادانو زۆوە گەرداو

یان دەلێت:

چون مەزاق تاڵەن جە گەردین لاوە بوو شیرینیی یەك دوونە وواە
یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە ئەویەك لاو نۆم یاو نۆمەوە

مەبەست لە (یاونۆمەوە) ئیشارەتە بۆ **(و نفخ فی الصور فأذاهم)**

٨ـ گوی پێدانێکی فرە بە موسیقا و ئیقاعاتی ناوەوەی فەردە کانی و ساچاندنی هەستو سۆزو خورپەکانی دڵی لەگەل وشەو پیتو قافیە خەمناکو ئیجا بە خستەکاندا. چونکە سەر جەم کێشی هەر هەموو بابەتە شیعریەکانی هەر دەبرگەیین. بنوارن

بـڵێسەی کـوورەی هـیجران بـاڵات — گەرمی ی مەحروومی تۆزەکەی پاڵات
شـەرارەی گـریەی نـار مـەهجووری — کەردەن وە غوبار کۆگای سـەبووری
بـنیش نەگـێجاو دەریـای بـی پـەیدا — نەگۆشەی حوجرەی سـەفینەی مـەیدا

دیارە نموونە زۆرن و دەرفەتی شیکردنەوە و ووردەکاریشم

٩ـ ئاوڕدانەوەیەکی ئاسکانە بەلای ڕوو داوە هێژوویە تراژیدیەکانە بەستنەوەشیان بـە بارە سایۆلۆژی وسۆز، تایبەتێکانی مەولەویەوە، هەر بو نموونە:

شورای عاشوورا دیسان بـەزمش بـەست — (موحەرەم) ئاما (مەحرەم)شی نە دەست
ئـەو خـەریك نـە چـۆڵ شـارعە دەمـدا — مـن نـە (کـەربەلای سـارای مـاتەم دا

یـان:

ڕۆ (حسەین) ئـاسا فـەرداکـەڕۆ بـو — داخوم سەر جەکو لاشەم جەکۆ بۆ

یان:

گوزەگەی جیلوەی لەیل بێ حەد بەو تەرز — زایەلەی مەجنوون جەعەد ڕەد بەو تـەرز

تیبینی: لە بەر لە نەبوونی کات بابەتەکەم ئاوەهاکورت کردەوە چونکە دەبرو لەگەڵ هەر خالێکدا کۆمەڵی نموونە و شیکردنەوەو بەراوردم بکردایە هەر بۆیە داوای لێ بوردنتان لی دەکەم.

## سەرچاوەکان

١ـ دیوانی مەولەوی ـ عبدالکریم المدرسی
٢ـ الرشاء ـ لجنة من الأدباء ـ دارالمعارف ـ شعر
٣ـ دراسات فی الادب المقارن و المذاهب الادبیة ـ الدکتور صفاء الخلوص
۴ـ المرشاة الغزلیة ـ الدکتور عناد غزوات
۵ـ دیوانی سەلام ـ ئەی مل کووە
٦ـ دیوانی مەولەوی ـ کە بە خەتی مەولەوی پیشکەش بە ماموستا (...)ی کراوە و لای برای شاعیر کاک موحەمەدی حەمە باقیە
٧ـ بحثان فی الادب الکردی ـ رؤوف عثمان
٨ـ چاوپیکەوتن تایبەتی لەگەل سید عبدالرحمن سید محمود ئامینەی شیخ صدیقی شیخ عارفی نیرگسە جاردا.

١٩٩٢/٨/٨